# بۆئەوەی ئاسودە بین

# پێویستە گشت تاوانباران، وەك" ڤان ئەنرانت" بە سزای خۆیان بگەن!

ڕۆژی 2005/12/23 ڕۆژی سزادان بوو بۆ تاوانباری بازرگانی هۆلەندی " فرانس ڤان ئەنرانت" بە 15 ساڵ زیندانیکردن، ، بە هۆی تاوانی فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە صەدام حسینی پاڵەوانی ناسیونالیزم عەرەب. ئەمڕۆژە بۆ خەڵکی هەڵەبجەو بۆ خێزانو کەسو کاری ئەنفالکراوەکان، وە بۆ خەلکی کوردستان وە ئازادیخوازان لە هەرکوێی دنیا بن ، رۆژێکی دانستەو شادییە لە جەنگەڵستانی ئەمڕۆی دنیاو گالتەجارییەك کە بە دادگایکردنی دیکتاتۆرو خوێن مژی عێراقەوە دەکرێت لە لایەن ئەمەریکاو داروەدستەکەیەوە. رۆژی شادییە کە تاوانباریك بە سزای خۆی دەگات. ڕۆژێکی شادییە، کە بەشێك لە حەقیقەتەکانی پشت سەری دەسەلاتی دیکتاتۆری بەعسو رژێمە قەومییە عەرەبیەکەی هەڵدرایەوە.

ئێمە وێرای ئەوەی کە خۆشحالی بونی خۆمان بۆ سزادانی ئەم تاوانبارە ڕادەگەیەنینو پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستانو کەسو کاری قوربانیانی مەرگەساتی هەلەبجەو ئەنفالەکان دەکەین بەم بۆنەوە. لە هەمانکاتدا خوازیاری ئەوەین کە تەواوی ڕاستیەکانی پشت سەری کیمیایی بارانی هەڵەبجەو ئەنفالەکان هەڵدبدرێنەوەو گشت تاوانبارە گەورەکان  بگەنە سزای خۆیانو تەواوی کۆمپانیاو حکومەتو ئەو کەسایەتییانەی لەم نێوەدا کۆمەکیان بە ڕژیمەکەی صەدام کردبوو، سوكو ڕیسوا بکرێنو بە سزای خۆیان بگەیەنرێن.

بەڵام خەڵکی کوردستانو ئازادیخوازانی دنیا لە کاتیکدا دەبینن کە بازرگانێکی هۆلەندی سزای تاوانەکانی خۆی وەردەگرێت، بەڵام لە عێراقدا ئەمەریکاو داروەدستەکەی داداگایی جەلادو دیکتاتۆری عێراقو سەرانی ڕژێمەکەیان کردۆتە شانۆیەکی گالتەجاری سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانو گالتە دەکەن بە هەستو سۆزو ئاخو نالەکانی خەڵکی کوردستانو عێراق. وە دەبینن کە چۆن دادگایکردنی صەدامو سەرانی بەعسی کراوەتە وەسیلەیەك لە پیناو بردنە پێشەوەی سیاسەتی کۆنەپەرستانەو داگیرگەرانەی خۆیداو وەچۆن هێزەکانی بن دەستی ئەم دادگایکردنەیان کردۆتە سەکۆی حەقیانەت بونی خۆیانو کۆنەپەرستیو دژە ئینسانی بونو دیکتاتۆریەت بونی خۆیانی پێحەشار دەدەنو کردویانەتە کەمپینی هەڵبژاردنەکانی خۆیانو، دەیانەوێت لەم ڕیگایەوە سزای ئیعدامو پەتی قەنارە بۆ خەڵکی کوردستانو عێراق هەڵبخەنەوە.

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان !**

تاوانباریکی گەورەی وەك " ئەنرانت" کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستی هەیە لە کوشتنو سیاسەتی جینۆسایدی رژێمی بەعسی گۆربەگۆڕ دژ بە خەڵکی کوردستان، لە دادگاییەکی ئاشکرادا، بە سزای خۆی دەگاتو بە 15 ساڵ سزا دەدرێت لە ڕێو ڕەسمێکی تەواو یاسایدا، بەڵام لە کوردستاندا دەبێت دکتۆر کەمال سەید قادر  بە 30 ساڵ حوکمی ئەبەدیو هەتا هەتایی بدرێتو بەم پێیەش حوکمی مەرگێکی شێنەیی بەسەردا بسەپێنرێت، بەبێ ئەوەی تا ئێستا بۆ خەلکی کوردستان رۆشن بوبێتەوە، کە تاوانی ئەم ئینسانە چییەو کام داداگایە حوکمی بەسەردا داوەو پرۆسێسی چونە پێشەوەی ئەم دادگایکردنە چۆن بوەو تاوانەکانی چینو بە پێی کام یاسا ئەم 30 ساڵە دەی گرێتەوە؟! ئەمەیان دیوێکی تری گالتەجاری  یاساو دادگایە کە لە کوردستاندا  پراتیك دەکرێت، ئەو یاسایەی " کە لەسەرروو هەموو کەسێکەوەیە"!.

جەماوەری ناڕازی، خەباتی ئێوەو یەکگرتوو بونو ڕیکخراوبونتان لە پێناو باش بونی ژیانو گوزەرانتاندا لە پێناو بە دەستهێنانی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا لە ئاوو کارەباو سوتەمەنیو لە پێناو دەستەبەر کردنی ئازادی سیاسی ژیانێکی موتەمەدەنو ئازاد دا، زامنی ئەوەیە کە دادگایکردنی صەدام سەرانی رژیمەکەی بە ئاقاریکدا بڕوات کە ڕووی لە دادگایکردنی فکرو سیاسەتی بزوتنەوەی قەومی عەرەبی بێت، کە ڕوی لەوە بێت، تەواوی راستیەکانی پشت کیمیایی بارانی هەلەبجەو ئەنفالو گشت تاوانبارانو پشتگیرکەرانی صەدامو رژیمەکەی بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکرینو بە سزای خۆیان بگەیەنرێن. لە هەمانکاتدا خەباتی ئیوەو بردنە پێشەوەی ناڕەزایەتیەکانتان، زامنی ئەوەدەکات کە تەواوی قانونە کۆنەپەرستەکانی حکومەتی بەعس لەمەڕ یاساکانی عقوباتو جنائیو گۆر بەگۆر بکرێتو هیچ کەسو لایەنو هێزیك زاتی ئەوە نەکات کە لەسەر ئازادی بیرو نوسین، لەسەر دەنگی ئازاد هیچ کەسێك دادگایی بکاتو لەهەمانکاتدا سیستەمێکی دادگایی دابنێت کە لەخزمەت پێشکەوتنو گەشەی کۆمەلایەتیدا رۆلی عەزیمی خۆی بگێرێتو سەرکوتکەرانی بیری ئازاد داداگایی بکاتو سزایان بدات.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/12/25